# قەدەری عیشق

## شیعر

خاڵە بەکر ( بەکر محەمەد ئەمین )

٢٠٠٩

وێنەی بەرگ: شێوەکار/ عومەر رەسووڵ

ناوی کتێب: قەدەری عیشق
شیعری: خاڵە بەکر
ژمارەی سپاردن: ( ١٧٠٠ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.
چاپی یەکەم
تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٠٩ ز
کوردستان / سولەیمانی
چاپخانەی: چاپەمەنی ئەزمڕ

# پەرۆش

سەرووەرم..،
ئەو دەمەی یادت..
سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم شیعرەی کردم..
ئەندێشەم،
بوو،بەزەمینەی..،
دوا یاری کردن و سەدای قاقاو تریقەکەت،
تیشێرت و بیجامەیەکی لەنێو شان و سەر پشتێنەت..
بچوکترو کورتر پۆشیبوو،
موچڕکەی یاد کێوی مەیلی خستە سەر چۆک..
فرمێسک دیسانەوە،
تارمایی سیماتی بەبینایی بەخشی..
لەتۆ زیاتر چ نابینم..!
نابەڵەد..!
سنگ کوتانی قەڵەمەکەم..،
بەسەر دێڕەکانی بەرماڵە سپێکەدا ئەهێنم،
ئیدی دەروو لەکوێ بێنم..،
کۆتایی بەچۆک دادانی مەیل و ئەم شیعرە بهێنم،



پەرۆش..!
دکتاتۆرە خۆش زەبرەکەی سەراپا هۆشمەندیم..،
زەردتر..،
وشکتر..،
بەبارتر بێت..،
لەگەڵای دەم خەزان،
ئەو لێوانەی وەک زاهیدان و سۆفیان..!
زیارەت و دیدەنی ڕوومەتەکانت ناکاو ناتدوێنێ..،
لێڵ تر بێت،
کانی و بەری نیگای ئەو چاوانەی،
خۆشەویستی لێ نەتکێت و،
بەسۆزەوە تێت نەڕوانێ،
شەرمەزار بێ..!
سوێرە فرمێسکی دووری..،
نارەوایی نەنوێنێت و،
خوار برژانگت نەڕوشێنێ..،
پەڕەی گوڵی دڵە عەترینەکەت نەژاکێنێ..
دڵی نەیەت..!
گڕۆڵە مستی جودایی،
هیچ شوێنێکت بئێشێنێ..،
کردنەوەی دەرگاو،سەرەتاتکێ،
لاڕێت پێ تەی نەکات و پیا هەڵزنێ،
تـــــا،ئەو دەمەی..،
لێوی من و..،

چاوی من و..،
ناخی من و ..،
دیداری من..!
دابڕانمان ڕسوا ئەکاو..،
ئاسودەیی و شادبوونەوە ئەڕەخسێنێ..!
گەرووی مێژینی بێ بابەییشت،
هەناسەی سارد نەیتەزێنێ..!

***

پەرۆش : دوا جگەر گۆشەمە.
بەرماڵی سپی : مەبەست لە پەڕەی سپی کاغەزە.



# کریسمس و مەرگی نەوڕەسەکان

بێ لەڕۆشنایی شیعر..،
ئەمشەو،
لەتە مۆمێ شک ئەبەم،
بیکەم،بەهاودەم و هاوڕازی خۆم و پێکەکەم..
سپێدەش،
چەشنی چەندین سپێدە..!
دڵم کانگای تێکشکان و بەرەو ژووربوونی هیواو ئومێدە..،
ئەم ئازارەش،
لەوانەی مناڵیم ناچێت..!
لەگریانە بەکوڵەکانی من و دایکم جیاواز ترە..،
بڕواش ناکەم،
بەئاسانی دەست هەڵگرێت..!

زەنگی زووڵاڵەو یاد ئەخرۆشێنێ،
نامروەتانە..،
نامۆیی و،هەراسانی و،بێ نەواییم پێ ئەچێژێ،
ڕۆژ نیە فرمێسکی،دوای چل ساڵیم پێ نەڕێژێ..،
بۆن کڕووزی ناخ و دەروونی،
فریشتەکانی وێرانەی دەروونمن..

دوا لایلایەی بەجۆشی مەرگە بۆ ڕۆحم..!
سازانم..!
چونکە قەدەر نەهەنگیک بوو..،
لە ووشکایی ئیرادەیا داد پەروەر بوو..!
ناشزانم کەی..!؟
ئازاری ئەم دابڕانە..،
ڕووی خۆی ڕەش دەکات و سەر هەڵدەگرێ..!
ناشزانم کەی..!؟
لەجریوەو دەنوک گرتنی پاسارییەکانی بەیانیان،
لەشووشەی پەنجەرە تەڵخەکەی،
ژوورە زیندانییەکەم بێزار نابم..!
چیتریش..،
مەرگی نەوڕەسەکانی،
کەنـــــــار...،
دەریای چاوەکانی فریشتەکانم..،
لەکفنی ڕەشا نەبینم.

❊❊❊



# فرمێسک و درووود

فرێی مەدە..!
شەڵاڵی فرمێسکەکانی منە،ئەو دەستەسڕە..،
وەک گوێچکە نانێ،
یان موفەڕکێ،
یان،ددانی تازە کەوتووی مناڵێ..
کەلەبەری دیوارێ،شک نابەی تیا حەشاردەی..!؟

+لێی گەڕێ..!
پێش وەرزی حەج،
ئەو دەستەسڕە هەواڵەی مەککە دەکەم..!
حاجیان،
لەجیاتی بەردە ڕەشەکە..!
دوور لەپیرۆزی حەوت شیعرەکە..❊
بخولێنەوە بەچوار دەوریا..،
ئەو دەمەش،گەر نێرو مێ لەهیچ تۆقیوەکان تەوافی نەکەن،
چوونە سەر گۆڕی پێغەمەریشیان قبووڵ ناکەم،
هێندەی تر لەگوناها لاشانیان لاسەنگ دەکەم.

❊❊❊

❊ مەبەست لەموعەلەقاتی سەبعەیە

٢٠٠١/١/٢٩

# پرســـیار..!

(١)

شەو نیە،
بەخەمی نوێوە سەر نەنێیتەوە..
بەیانیەکیش نەبوو،
خەمێکی کۆن بەیانی باشت لێ بکات..!
ناشزانیت..،
ناخ بۆ کامیان بکەیتەوە..!
فرمێسک بۆ کامیان بکەیت بەڕووبار..؟
بۆ نمە خەمی لەسەر خۆ،
یان بۆ بەیانیانی،
پرچ شۆڕی چاو بەخومار.

(٢)

خوانی هەناسە بۆ کێ ڕائەخەیت..؟
بۆ،ئـــــەو،یـــان..!
بۆ ئەو کۆرپە ماسیەی کەنازانێت،
کەنگێ..،
دایکی یان باوکی،
دەیکات بەکۆچی قوربان..،



ئەی سکاڵا لای کێ دەکەیت..؟
لای ژین،
یان لای رۆژگار،
یان،لای غەریزە نەمرەکەی دایک و باوکت،
کەتۆیان تیا کرد بەکۆچی قوربان.

(٣)

دوندی وەفا..،
بۆ کێ دەکەیت بەقەڵای مەردان..!
بـــۆ،ئـــەو،یـــان..،
بۆ شەکاوەیی،ڕەنگی سوورو،سپی و،سەوزی..!
لەناوەندا خۆر تیا باران..،
ئەێ چ،چاوێ..،
بـــۆ..؟ ئەم ڕەنگانە دەکەیت بەسەنگەر..!
چاوی خۆفرۆشێکی کۆڵنەدەر،
یان چاوی..،
کادرێکی بەرژەوەند پەروەر.

❊❊❊

# درکاندن

١- بۆژۆ.

لێم گەڕێ..،
بەس ئاژەن خەمم کە..!
چیت لێم دەوێ لەوە زیاتر..!؟
کە،نەهێڵیت،
پێلوەکانم دەست بکەنە ملی یەکتر..،

٢- داچڵەکین.

خەڵوەتی زیکر،
سەراپا ناخ و هۆشی داگیر کردبووم..،
داخزانی،
کلۆ سەهۆڵی دەم پێکەکەم دایچڵەکانم.

٣- دەبەنگی.

مەلائیکەتێکم لابوو..،
پێ مێردێکی برینداریش ،*
بۆ ڕۆح کێشانم هاتبوو.



٤- فەرامۆشی.

کارە ساتە..!
ئاسمان هەور پۆش بێت و ببارێت ،
ئاوازەکەی تەنها ناخی زەوی بژوێن بکات..
ڕیتم و ئیقاعی دڵۆپەکانی،
گەردو تۆزی کەندەڵانی ووشکی ،
هەندێ مرۆڤیش فەرامۆش کات.

٥-ئەنفالی وەفا.

هاوڕێ..،
بیری ئابووری سیاسیت ،
چۆن دڵی هات ..؟
سەروەری..،
ئازارو ئەشکەنجەی مناڵیمان ئەنفال بکات..
قەڵەمەکەت..!
چۆن دڵی هات،
لەخانەی بەسوێی هەناسەکانما ،
بۆ مەرگ بوونی وەفاو دڵسۆزیت،
سەرچۆپی بگرێ و سەما بکات.

**٦- میوانداری.**

**تۆزێ لەمەوپێش ..،**
**دڵم ..!**
**میوانی زامەکانم بوو..**
**بۆ خێرهاتن و ڕێزلێنان..**
**زامەکانم،**
**هەزارەها پەرداخە ئازاری ،**
**لەبەردەمدا بۆدانان...**

**٧- هێمنی.**

**شەو،**
**ئەی ئیلاهی هێمنی ..**
**ئەی،**
**تەوتەمی دڵنیایی ،**
**خواوە ندێکیت ..،**
**تەنها لەسایەی ،**
**خامۆشی خامۆشیتا خامۆشم..**
**تەنها لەهوشیاریتا بەهۆشم..!**
**شەو ئەی ئیلاهی مەستی،**
**ئەی ڕازاوەترین کەژاوەی سرووشت ،**
**ئەتپەرستم بێ ڕیایی.**
*******

* پێ مێرد : ئیزرائیل



# دیدەنی و ئاکام

**(١) دیدەنی**

**کەهاتمەوە،**
**دەروون..،**
**بوو بەکانیەکی ڕوون**
**بوو،بەسەرچاوەی نمە بارانی هەوری کانوون**
**بوو،بەسەرچۆپی کێشی خۆری دەم کەل و هێوڕ بوون**
**کە،جێشم هێشتی..،**
**بارانی شووبات،**
**بوو بەئافات..**
**گەرووی تەڕی تووڕدایە بیابان،**
**مەقصەڵەی سازان..،**
**گەردنی بەرزی گووڵە تووبای خۆزگەکانمی هەڵپڕوکان..!**
**بۆنی بەسوێمی نوێتر کردەوە..**
**چپەی شپرزەی ئاهەکانیشی لێ هاندامەوە،**
**یەخەم پێ بگرێ و لەسەرەتاوە دەس پێکەمەوە..**
**زامی گەردن و یادگاری و خۆزگەم سارێژ کەمەوە..**
**ماڵ ئاواییشم لەکازێوەتا..!**

هەرەسی هانی بەقەڵای مروەت،
هەرەسی هانی بەکانی سۆزو سەر نگووم بوونی تروسکەو دەرفەت،

ئێستاش ڕۆحی باڵ گرتووی شپرزەم..!
میوانی ئاسمانێکی فەرامۆش دادە،
تاڤگەی ئەسرینە شیعری هەورێ نەبێ،
هیچ ئاسمانێ توانای نیە لەلانکەیا ڕامژەنێ

(٢)ئاکام

ئەمرۆم لەتامی ماچەکانی تۆ ئەچێ
لەخەندەی مرۆیەکی قەدەر جێ هێشتوو ئەچێ
لەتەوقەو دەست لەملان و تەماسی لێوەکانی من و هاوڕێکانم ئەچێ
لەتریقەو گەشکەو سەمای پەپوولەکانی بەیانیانی باخی گشتی ئەچێ
لەگفتوو گۆی چاوە شەرمنەکانی دوو دڵداری تازە ئەچێ
لە هێلانەیەکی پڕ پووش و بێچوی دوور لەمەترسی ئەچێ
لە بۆن و بەرامەی
چڵە ڕیحانە غەمگینەکانی
لا ئەگریجەو ژێر چەنەی جارانی دایکم ئەچێ
***



# تابلۆ بێ هاوتاکان

(١)
چاوەکانت..،
دوو پەپولەی،بێ ئۆقرەی بزێون..،
هەموو ڕۆژێ،
بەسەر گوڵی شەرمنمەوە دەنیشنەوە..
بەبێ پرس..!
عەتر لەکانی عیشقم دەخۆنەوە.

(٢)

دەروونت پەڵە هەورێکی هاوینەیە
ناخت..،
مەنزڵگای سروەو فێنکاییە،
هەست و نەست و ترپەی دڵیشت..!
ساباتێکی،
پان و بەرینی پڕ خۆشەویستی هەمیشەییە.

(٣)

دڵت..،
مەملەکەتێکە..،
خەم تیایدا ڕەهبەرە..!
بێ پەروایت و،
عیشق تیایدا سەروەرە.

(٤)

هەناسەکانتان بۆنی ئازادیان لێ نایەت..!
یەکگرن..،
شۆڕشێک بەرپا بکەن..!
ئەستێرەکان ڕاسپێرن..،
بێ خوێن ڕشتن..!
چوار پەلی سوڵتان کۆت کەن و..!
لەدادگای سەربەستیا سین و جیمی لەگەڵ بکەن.

(٥)

دەریایت..،
دڵیشت قوڵاییی..،
بەژنیشت شەپۆل،
سەودا سەرانیش لەکەنارتا..!
وەستاون پۆل، پۆل.



(٦)

لێوەکانت..!
دوو جەمسەری ئێجگار گەرمی بێ هاوتان..!
لێوە وەستانم عیشق هێشتم کە،
سەما بردەلەم.

(٧)

مەمکۆڵانت..،
دوو،دوندی سەختن..،
دەستە لەرزۆکەکانم مەگرە..!
بەغەمزەی گۆی یەکێکیان گەنج دەبنەوە.

(٨)

لەزمانی چاوەکانت تێ ئەگەم..!
ماڵی برۆکانت ئاوا بێ..،
جار ناجارێ نامهێڵن،
چۆن تەفسیریان کەم.

(٩)

ویستم باسی شەنگە شیعرێکت بۆ بکەم..!
شەنگیت..،
لەباس لای دام و،
شەنگە شیعرێکی هەر وەکو خۆتیان پێ وەسف کردم.

# فالاش باك

گەلێ گەرما..،
ڕۆحی تەزانبووم،
گەلێ سەرما..،
هەناوی گڕڕ تێ بەردابووم،
گەلێ بۆنی خۆش..
هەستی تۆرانبووم،
گەلێ گوڵزار..!
شەکەتی فەرامۆش کردبووم،
بەڵام ..!
نوێ بوونەوەی خەندەی مەیلت..
ڕۆح،گەرمای تەزان..،
سروەی هەناو گڕی دامرکان،
بۆنی خۆش هەستی بزوان،
گوڵزار بوو بەنزاری عاشقان..
بوو بەکۆڵانەکانی گەڕەکی شێخان..،
شێخانی پڕ هەزارەها خەون و یادگاری و تێ ڕامان*.

***

شێخان: گەرەکێکە دەکەوێتە سەنتەری سلێمانی.



# ڕەهـــــــــا

لەیاد ناچن..
ئەو دەمانەی شنەو سروەی هەناسەکەت..،
سەمایان بەپەڕەی گوڵی لێوەکانم ئەکرد..
بەحەژمەتەوە..!
کڕنووشم بۆ لەنجەو لاری یەک بەیەکی ڕازەکانت ئەبرد..،
+پێت ئەووتم..!
هێندەی شاعیرێک خۆشم ئەوێیت..!
لەئێستاوە..،
دڵم قەڵەمتە..،
فرمێسکی شادی و زەبونیم مەرەکەبتە..!
موژەی برژانگەکانم حەرفتە..،
زەنگوڵانی ئارەقەو خوانی مەمکۆڵانم،
پەڕەی سپی ڕازو نیازتە..،
قژی پەخشم..
هەواری..،
پایزی قەسیدەتە..!
واش دەرنەچوو..!
فەرامۆش داد بوویت..
نانت بەنانەوا فرۆشت..!
گۆشتیش بەقەساب..!

**گەنمیش بەجوتیار..!**
**ئاردیش بەئاشەوان..!**
**مەییش بەمەی گێڕ..!**
**لەبەردەم(ئفرۆدیت)ـــا بەهای خۆت و عیشقت بەپەنگ کرد..،**
**پەشیمانیش یەکانگیرتەو ئارەزووتە..!**
**هەموو شەوێ..!**
**لەگەڵ بوونت بەمانگە شەوی ژوورەکەت..،**
**چاوەکانت لەفەزای ئەندێشەتا..**
**زەنگی ئاوا نەبوون دەستەمۆکا..!**
**تەلاری سیستەمەکەت..،**
**ببێتە باخچەیەک و تۆش گوڵێکی تیا ڕاکشاو،**
**لێوەکانیشم ئەستێرە پەپولەو..،**
**بەشەرمەوە..**
**بنیشنەوە،**
**بەڕووتەوە..،**
**بێ(وەردیان)..**
**تیشکی مانگ و تیشکی ڕۆحت بڕژێنیتە ناو ڕۆحمەوە.**

❊❊❊

**ئفرۆدیت: خواوەندی خۆشەویستی.**
**وەردیان: ڕەقیب،چاودێر،دەرگاوانی زیندان.**



# غـــــەزەل

**لێوەکانتم لێ مەکرۆژە..،**
**فەرمایشتەکەی سوقرات بەهەند مەگرە..!❊**
**دڵنیاو ئاسودە بە،**
**هەر تۆیت..،**
**بۆ داهاتووم پڕۆژە..!**

**خەندەشت مەشارەوە..!**
**خۆشت،مەدەرە دەست پێکەنینێکی بێ حەوانەوە..،**
**مەنگیش مەبە..!**
**نەبـــــــا..!**
**شەپۆڵ و،هاژەو،خووڕەی،بێ دەنگیم لەپەل و پۆت خەن..،**
**چاوەکانتم بۆ داگیرسێنە،**
**تـــا،ڕۆشنتر سیماو ڕوخسارت ببینم..!**
**داشیان مەخە،**
**نەبـــــا..!**
**لێکدانی پێڵوەکانت هەورە تریسکە درووست بکەن..،**
**وەک خۆرێکی،**
**پاش بارانی ڕۆژێکی بەهار هەڵێ،**
**تـــــــا،بەکامی دڵ..،**
**بڕوانینە پرچەکانی ئایشێ و فاتمێ،**

فەرمایشتەکەی سوقرات بەهەند مەگرە..!
لێوەکانم مەرەخەس کە..!
جورئەتیان وەبەر نێ..!
تـــا،جورئەت کەن،
بەلێوەکانت بلێن..،
بـــــــا،لێوەکانم ببنە زاوا..!!

***

* لەسوقراتیان پرسی ژن بهێنم یان نەیهێنم،سوقراتیش ووتی بیهێنیت پەشیمان دەبیتەوە،نەشی هێنیت هەر پەشیمان دەبیتەوە.



# سەرگەردان

بۆ مەرگی کاکی گەورەم عوسمان

کەس نەبوو..،
لەمن زیاتر سەرگەردان،
بەسەرگەردانیش،
سەرم نایەوە لەخەڵوەتگای گەنجان..!

لەسەرگەردانیما..!
بێ سەرنج بوون..،
بێ،نەغمە بوون..،
نەغمە وەریوەکانی،
سەر لەپی دەستی ،زەردەو،ڕەنگ و بۆی بەرەبەیانی نیسان..!
مخابن..ژیان..مخابن..!
درەختەکانیشت،لەئاستما،
بوون بەزەوت کەری سێبەری پاسارێکان..!

***

# دڵۆپە وەریوەکانی فرمێسک و باران

(١)

**باران..**

**بۆ بەشین کردنی زەماوەندی پەپولەکان..!**

**کەمەر بەندی (بـا)ی لەقەد ئاڵان..،**

**فرمێسکیش،**

**بەبێ پەروا،**

**بوو بەلاگیرەو پڵپڵە..،**

**بۆ هەنیەو گەردنی تازە گوڵە سەرو عوزر شۆرەکان..!**

(٢)

**لەم وەرزەدا..،**

**لە خەڵوەتگای ئەم حوزنەدا،**

**بادە بارینێکی بەتاو..!**

**لە ناخی هەورێکی مودمینی دەروون کەیلەوە هەڵقوڵاو..،**

**ڕەگی موحیببەتی مەست کردمەوە،**

**مەیلی مێژینەو ئەم دەمەی..!**

**بەرەو ڕیشەی..،**

**دڵخوازە بەدبەختەکەم کێش کردەوە..!**



(٣)

**باران..!**

**کوانوی ناخی داپیرەکانی ئەنفالی دانەمرکانەوە..!**

**دەستەو نەزەر، هەمدیسان، چاوەکانمی ڕاسپاردەوە..!**

(٤)

**باران..،**

**بۆ ئەوەی، بگات بەئاکام..!**

**دەستەسڕەکەی، خۆی بۆ هەوادام..!**

**تا، چاوەکانم ژێر ببنەوەو نەگەن بە مەرام..،**

(٥)

**باران، هێندە لەخۆبایی بوو..!**

**نەرجسیانە،**

**بەلەنجەولار،**

**هاتە خوار..**

**بێ ڕاوێژکار..!**

**گەواڵە هەوری چاوەکانمی کرد گرفتار..!**

**سەر لە نوێ،**

**سەراپا خۆزگەکانمی، کردەوە بە ماسیەکی بچکۆلانەو ،**

**دایەوە دەست قەدەرو دەریایەکی بێ کەنار..!**

(٦)

جاران، باران..،
تەنها چوار وەرز،
دڵۆپەکەی،لە ئاست دڵۆپەی چاوەکانما،چاوی نەوی بوو..!
ئەمێستاکە،
بێ ئاگایە..!
لێرەکانە،
وەرزی غوربەت..،
وەرزی پێنجەم..،
بۆ چاوەکانم هاتونە بەرهەم..،

(٧)

باران، بەنیازە گلێنەی چاوم هەڵکۆڵێ..!
ڕەشێنەکەی کون،کون، بکاو ،
بە شمشاڵێکی بچوێنێ..،
(دە) دانە هەوری باریکەلەو ڕەقەڵەش،بکا بە قامک..!
بەبێ خواستی نیگاکانم ،
هەموو باران بڕانێ..!
ئیقاع و ئاوازی فرمێسکەکانم بشێوێنێ...،



(٨)

باران،
بەئۆقیانوسێ نمەدا..،
نامەیەکی نارده حزوور چاوەکانم..!
چاوەکانم..!
پێش کردنەوەی،چاو پێشخەری نوان و پێی ڕاگەیانن..!
یاسای سروشت ڕێ نادات..!
زستان..،
هەموو، زستانێک ،
سەفەر بکات و پشت ببەستێت بە چاوەکانم..!

(٩)

باران،
گزنگی خۆرو..،
کەزیەی هەڵەبجەی تەڕ کرد..!
هەتاویش..!
برژانگەکانمی،
کرد بە تەناف و لە چاوەکانما هەڵی خست..!

(١٠)

ئیرەیی بارانێکی موعەممەم، بەلێزمەو شەستەی چاوەکانم..،
دڵۆپەیەکی تیرۆریزمی بۆ دابەزانم..!
تاوەکو چیدی نەتوانم،
غەزەب و هەژانم..!

بەسەر تەلاری،
مەلائیکەتەکانی ڕەحمانا ببارێنم..!
دەفتەری ئەعمالی،ئینکیرو منکیریش..!
لە خەزنە نهێنیەکانی بێدادیدا دەربهێنم و وەیخوێنم..!!!

(١١)

ئەو دەمەی فرمێسک دادوەری ئاسمان بوو..،
بە ئەستێرەیەکی نەووت مەجریوێنە..!
بە مانگی نەوت،
بەڕوناکی بەرە بەیان پێ مەکەنە..!
بە دەریای نەووت،
شەپۆلەکان لە باوەشتا ڕامەژێنە..!
بەتفەنگیشی نەووت،
بەبێ دەنگی دەنگت بەمرۆڤایەتی بناسێنە..!

*

ئایاری ٢٠٠٦



# بن سێبەری پەڵەی ئاگرێک

لەوێ..
تەنها،
نیگاکانم..!
نەبوون بەکۆی زووخاڵ..!
بن سێبەری پەڵە ئاگرێکم چاو نەکرد..
لەسایەیدا..،
ڕۆحی زوخاڵمی تیا خەفەترکەم..!
لەوێ..،
قەدەر..،
مۆمەکانی ئەکوژانەوە..!
هەنگاوەکانیشم،
دەست لەسەر ڕۆح چراکانی دائەگیرسان،
هەموو ڕۆژێکیش..،
بەبێ قەڵەم و پارچە پەڕەیەکی پێستم..
سرووشی قەسیدەیەک،یەخەو بەرۆکی پێ ئەگرتم..!
بەمزگەوت،بوونی باخچەکان هەوێنەکەی بوو،
بەعەمامەکردنی،درەختەکان و..،
بەمحەجەبەکردنی،گوڵ و پەپولەکانیش قفڵەکەی بوو،
لەڤیستیڤاڵی خوێندنەوەی شیعریشا..،
بەدەستووری ئاخوندەکان..!

سووتانی هەنگم..،
پێ وەسف نەکرا..!
لەبەر هێندێ شیعرەکەم ڕەفزکرا..!
ئێستاش..!
وێڵم،وەدووی دۆزەخێکی فێنک ترا..!
زەمەن تیایدا بێ ڕەحمانە نەمسوتێنێت..
ئازادی تیاما بنوێت،
بەلێوانی شنەو سروەی حەقیقەت خۆم داپۆشم..!
نەبا کلۆپەیەک ڕەقم کاتەوە..!

وێڵم،
دووی دۆزەخێ فێنکتر کەوم..،
پێڵاوەکانی دەستم فڕێ دەم..!
چارەنووس پێ کەوش بکەم..!
وێڵی سرەوتنم..،
دەریا لەبەر پێما جۆگەلە بێ،
چیا،لەحەنای هەنگاوەکانما پێدەشت بێ،
هەڵ نوتان و کەوتن و تەپاو تل..،
خۆڵە پەتانێکەی،بەردەرگاو دەم کۆڵانی مناڵیم بێ..!
پاداشتەکەی...،
بەلەززەترین،
نوقرچ و زللەی دەستە کۆڵەوژەکانی دایکم بێ..!



وێڵی دۆزەخێکی فێنکترم،
سەگ وەڕ تیایدا خۆشترین سەمفۆنیاو ئۆرکسترا بێ..!
مەرگ،تیایدا،
نوقڵێکی ترش و شیرین و ماجومیەکی نێو مستی مناڵیم بێ..،

وێڵم..
وەدووی دۆزەخێکی فێنکترا..،
ڕۆحی زوخاڵمی تیا خەفەتر کەم..،
پاش سپێدان،
پڕ بێ،
لە،پەڵە،سێبەری خۆر،
پاش مەغریبان،
پڕ بێ،
لەپەڵە،تریفەی مانگە شەو،
پڕ بێ ..!
لەئەنواح شەراب و ،پەرداخی،هێندەی باڵای ئاسمان بڵندتر..!
پڕ بێ،
لەتریقەو قاقای مردۆکان..
پڕ بێ..!
لەشین و شەپۆڕی بەهەشتێکان..
پڕ بێ..!
لەسەرماو سۆڵەو بەستەڵەک و ڕەق بوونەوەی دۆزەخێکان..!
پڕ بێ..!
لەپەڕەی ڕەش و قەڵەمی سپی جوان..!

پڕ بێ،
لەدەنگی بلورینی نوسەران.،
دوور،دوور،
گەلێ،دووووور،
لەنوزەو مەدح و سەنای دەسەڵات و  ئیلاهەکان..
پڕ بێ..!
لەسیحری گەرووی باڵندەکان،
ئەو باڵندانەی،
پاش مرددن و تیرۆریان..
خۆشیان نازانن..
بەهەشتە یان دۆزەخە نزرگەیان..
***



# عەترت بۆنکرۆزی منە

لانەم ئاگرە،
پێخەف ژیلەمۆ،
خۆراک سووتانە..،
بێ ئان و سات،بۆ ڕۆحم،ڕازاوەترین خوانە،
جاران ..!
بۆنکرۆزمان..!
عەتری یەکتری بوو،
ئەمێستاکە عەترو جاهت،زارەترەکی کردووم،
لەحەیبەتا..،
شەوانە،دامدەچڵەکێنێ..!
ساتۆکەخەوێکی ئاگرینم پێ ڕەوا نابینێ..!
لەحەیبەتا..،
هەر ئاگرەو ئاگر ئەگرێ..!
هاوسەرەکەشم بۆژۆ کردووەو ناهەقم ناگرێ..،
هەموو بەیانیەک قەوانە سواوەکەی بەگوێدا ئەدەم..،
+بمبوورە..،
بێ لەم بەیانیە،دوێ بەیانیش،
درەنگ وەخت،بەیانی باشم لێ کردیت،
+بمبوورە..!
پۆشاکم پووشە..!

بەبێ دەنگی هەناسە ئەدەم..!
چرکە،بەچرکە..!
بەدەم سەمفۆنیای کڵپەوە سەما ئەکەم..!
ناهەقم مەگرە..،
سەودامە زوخرێ بم..،
وادەی نیە لەوە زیاتر گڕ بگرم..!

حەیفێ،
چاک و چۆنی هاوڕێکەم..!
بەزمانی چاو نەبوو..
حەیفێ..،
تەنها دیوی دەرەوە بوو..!
زەیف، زۆر، زۆر، جوانتر بوو ..
ئەشیزانی مرۆڤم،مرۆڤ،
بەرگەی مەشهەدێکی تراژیدی درامایەک ناگرم..،
هەر وەک جاران..!
بۆ کاری کردەش هەڵۆیەکی هەڵمەت بەرم..!
حەیفێ،
وەکو جاران
لووتفی نەنوان،
نەیووت..!
بۆنکڕوزی تۆ نەبوایە،
یەخەم،ئەم عەترەی ئێستای چۆن بدیایە..!
وای ئەزانی..



کوچەو شەقام و شۆستە پێم نامۆن..!
نەی ئەزانی تاکو ئێستاش..!
لەسەر هەنگاوە شەکەت و، پێڵاوە پینەکراوەکانم تاپۆن..!
حەیفێ...!
هاوڕێکەم و هاوڕێکەشی..!
پێیان وابوو..!
باری شانیانم قورس کردبوو..
وەلێ بەدەس خۆم نەبوو.،
قانونی پیاسەم نەئەزانی...
هەردەم بەدوو ڕیانی جەهەننەما ڕەت دەبووم..،
جارجارەش..،
بەتیلەی چاو لەجەننەتیشم ئەڕوانی.،
دەڤەرێ بوو پڕ لەئافات...
چۆڵ و هۆڵ..
مەزرایەکی ئەفیون بوو،ووشک،ووشک..
ئەمیرەکان تیایدا ببوون بەداهۆڵ..!
موجاهیدەکانیش تەیرێکی گووولی بێ دەوا..!
لەوەعزی ئەمیرەکان تۆقیبوون..!!

چی بکەم...؟
قانونی پیاسەم نەئەزانی..،
زستانان چ بەرێک هەتاو بوایە،خۆم بۆ بەری نسسرم ئەکوتی..،
زەمهەریرلەکوێ بوایە لەوێ بووم..!
هاوینان چ بەرێک سێبەر بوایە،خۆم بۆ بەری هەتاو ئەکوتی..

پایزان،خۆم بۆ بەری ڕەشەبا ئەکوتی..
بەهاران،چ بەرێک ووشک و برینگ بوایە سینگی هەورم بۆ ئەکوتی..
ئاسودەیی،بێ ماناترین مانابوو..
ڕەوشت و شکۆمەندی سەرتۆپی بەهاکان بوو..
هەر لەبەر ئەوەش بوو..
بەردەرکی سەراو کانێسکان و گەڕەکی شێخان لێم بیزار بوون..،
چونکە پیاسەم نەئەزانی ..
کوڕێنی و چاوبڕکێ و خەندەی چڵیس لە قاموسی گەنجێتیما مەحف بوون..
عیشقێکی ئەزەلی لەهەناوما پەرەو بڵێسەی سەندبوو..،
تا، ئێستاو بەیانی و دوو بەیانی و سێ بەیانی و چواربەیانیش..،
هەر وەک جاران..!
بۆنکڕوزم عەترمە
ئەمەک و وەفا لانکەمە
ناڵەی دڵم خامۆشترین هەناسەمە
* * *

نۆڤەمبەری ٢٠٠٦



# ئەنفال

گەر باران،سەمای بیرچێتەوە.،
بەفریش گۆرانی بیرچێتەوە
(با)ش مۆسیقای بیرچێتەوە
(سروشت)یش ئەمەک و،وەفای ئینسانی بیرچێتەوە
مەحاڵە من،ئەنفالم،بیربچێتەوە...!

بۆیە لەتەمەنی کچەکەمەوە،
کزۆڵەتر لەدوا ساتەکانی هەتاوی پایز..،
کزۆڵەتر،لەچاک و خۆشی،نێوانی دوو ئازیز
کزۆڵەتر،لەدوا ساتەکانی ماڵ ئاوایی بەفری زستان...،
کزۆڵەتر،لەنەشئەو لەنجەولارو،عیشوەو نازی،کەوی کوێستان...،
کزۆڵەتر،لەلێدانی دڵم..،
دەڕوانمە،ڕەنگ و ڕووی سروشت و دوا ساتەکانی ژیان...!

کزۆڵە تریش،
چاوەکانم بزەیان دێ،
بۆ کەروێشکەی گوڵەگەنم و سەوزەگیای دەم سیمفۆنیای سروەی بەیان..،
کزۆڵەتریش،کچەکەم بەپەنجەی شایەتمانی....!
کەزیەی خاوی دەنێتە پشت گوێکانی.،

لام یەقین بوو،
دەمزانی...!
ئایەتێک هەیە،کوردوستان دەکات،بەئەنفالستان
لام یەقین بوو،
دەمزانی..!
حەرفەکانی ئایەتەکانی ئەنفال دەبنە مەنجەنیق و ڕم و شمشێر...!
بیابانەکانی(عەرعەر)یش دەبێتە مەنزڵگای گوندە خەواڵۆکەم...!
قوڕگی پێغەمەریش،
دەبێتە گۆڕی بەکۆمەڵی،ترپەی دڵ و ڕازو نیازو خواسەکەم...!
لەبەر هێندێ هەناسەکەم
کزۆڵەتر،بەدیار،دوا تیشکی چراکانی ئەو شەوەوە..!
دەروونمی کردبوو بەمەلۆتکەو،ناخیش،تواناى نەبوو باوەشی بۆ بگرێتەوە

سەبای ساڵحان..
ئاسمان..،
لەجیاتی خۆر،دەست و پەنجەی پێغەمەرو پەڕەموچەکەی نیشان داین..!
سەر لەنوێ ئایەتی ئەنفالی وەیاد هێناین...!
بۆیە لەتەمەنی کچەکەمەوە..،
باڵندەکان کزۆڵەتر،
لەژێر ساباتی درەختەکانا هەڵدەکورمێن...!
مێرۆکانیش بێ بڕست و،کزۆڵەتر،بەقەدی درەختەکانا گەڵدەگەڕێن..!
قەدی درەختیش،
کزۆڵەتر،بەیانی باش لەخاک دەکا..!
چەمیش،



کزۆڵەتر،دەست بەسەر سەری جۆگەلەدا دەهێنێ...!
ڕووباریش،
کزۆڵەتر،دەست بەسەر سەری چەما دەهێنێ...!
دەریاچەش،
کزۆڵەتر،دەست بەسەر سەری ڕووبارا دەهێنێ...!
(کانی)یش کۆرپەیەکی ژێر کڵاشی دۆمی و ڕێ نیشاندەری پۆستاڵ بوو،
هەر لەوێدا،
پێش هەمویان ئەنفال کرا..!
سەدو هەشتاو دوو هەزار شکۆفەشم بەبەردەمی زیهنی پێغەمەرا ڕاپێچکرا..!
گوڵە بەیبونەکانی هەڵەبجەشم لەباخی خۆیا هەڵپڕوکا..!!

***

# ناكاوه شیعر

بۆ مەرگی عوسمان شەیدا

شەیدا..،
تكا،كاری خواوەندیٚ بووم
دوای دوا هەناسەی
هێمن و حەمە حسێن و شێخ بەختیارو سورکێو*
جارێكی تر
دەست وەرنەدا
لەهەورستانی چاوەكانم
كەی شێت گیر بوون،شێت گیر ئەبن
تكا،كار بووم
دەست وەرنەدا
لەخامۆشی هەورستانی چاوەكانم
كەی دابارین،دائەبارێن
شەیدا..،
ئێستا..،
چ،هەناسەیەک بكەم،بەهاوسێی دوا هەناسەت
دەمەو عەسران
بە پەنجەی چوون كۆڵەوژی پیری موغان



لەدەرگای كێلی یەكتر بدەن
پێش مەی نۆشینیش
بەدەستی پێكیٚ مەیا
سكاڵا غەدرێک بۆ خواوەند بنێرین
شەیدا
وادەی سرەوتنت زوو بوو
لەسەرنانی تاجی ژیانیش بەدەست خۆت نەبوو
لاشعورێش..،
تاجی چركە ساتەكانی شعورت نەبوون
شەیدا..
بیرەوە،
فێرمان كەوە
هەر بنی پێكەكە لەمەی كەین
بەیەک جورعەی ئەبادی خەیاڵ نۆشی كەین
بێنەو بەرەی فیردەوس و دۆزەخی،دەرونمانی پیٚ هێوڕ كەین
شەیدا
فێرمان كەوە
بەدیار خوێندنەوەی شیعرەوە
لەبەر دەم ئاوێنەی شیعرا، پرچی حەرف بهۆنینەوە
شەیدا
عاشقەكان كۆكەوە
حەرفە وەریوەكانی چاپخانەكەی حاجی تۆفیق كۆكەنەوە*

لەسەر یەکەمین لاپەڕەی حەوشەکەت

ناکاوە مانشێتێکی پێ بهۆننەوە

+ئیتر عوسمان ئەم دەرگایە ناترازێنێ و نایکاتەوە

بەڵام بەهاران

لەبن ساباتی درەختێکی ئەرخەوانا

سەر لەنوێ فێرمان دەکاتەوە

تەرزە شیعری

سەلکێ پیازو تاقە تەماتەیەکی ناو گیرفانی بەدلەی شینی..،

ئایشێی کرێکارمان بیرخاتەوە.

***

* ماڵ ئاوایی ئەو ئازیزانەم زیاتر غەریبیان کردم.

* ئەو خانوەی کە عوسمان شەیدا دوا تەمەنی تیا بەسەر برد لەگەڕەکی سابونکەران چاپخانەکەی پیرەمێردی ڕەوان شاد بوو.

* شێعرێکی عوسمان شەیدای جوانەمەرگە لەکۆتایی حەفتاکانا بۆ خاتوو ئایشێی هاوسەری هۆنیوەتەوە.



# هەناسە لەدۆزەخێکی فێنکا

هەناسەیەکی(هەباس)ــی هاوڕێم..،

لانەی قورگی جێ هێشت و،

لەئیجەدا..!

بەگەردنی شەپۆلێکەوە بوو بەخەزێم..،

نەوڕەسەکانیش..!

بەشاپەڕی باڵەکانیان..!

ئاواز بۆ فرمێسکەکانی دائەنێن..،

(هەباس)ــیش،

بەچریکەی فرمێسک..!

عەرشی ئەرستۆو،ئفلاتون،ئەلەرزێنێ..،

بەشمشاڵێکی تەڕەوە..!

بەرەو ڕوویان هەنگاو دەنێ..!

بەگەروویەکی شپرزەوە..،

هانایان بۆ دەبات..!

پێیان دەڵێت..!!

(هێمن)*منداڵە..!!!

بێ بەشی مەکەن لەنوقڵ و نەبات.

***

هێمن :جگەر گۆشەی شاعیری هاوڕێم کاک عەباس صاڵح عەبدوڵڵایە، قەدەر لێی دوورخستەوە.

# وێڵم مەکە..!

**چاوەکانت شێتێتیان لێ ئەباری...،**
**وێڵم مەکە،زووە جارێ..!**
**کۆرپەم، دەستەمۆم کە،وەلام مەنێ،بێ بڕیارێ..**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**کەژاوەکەم هەڵدەرەوە..!**
**باقومێ ئاسودەیی،لەناو ڕەزی عیشقی تەڕتا بخۆمەوە..،**
**تا،بەتاوتر، بەدەم سێوێکی،ئیلاهیی،سەر سینگتەوە،**
**گڕوگاڵ کەم و،بتریقێمەوە..!**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**بادوور یان نزیک،نەکەوینە سەر هیچ زارێ..،**
**بڵێن عاشق و مەعشوق، چ نادورنەوە،جگە لەخارێ..**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**پێکێ لەعەشقی کۆرپەییم بخۆرەوە..!**
**تا،لەگەڵ مەست بوونی ئاهەکانتا..،**
**بەحەسرەتەوە..،**
**گەردیلە بەجێماوەکانی سەر لێوت،بەلێوەکانم بسڕمەوە..!**

*** * ***



**وێڵم مەکە..!**
**خۆ،لەبەر پەنجەرەی کراوەتا تاقەکەس بووم..،**
**شەویش نەبوو،لەگەڵ خورپەی بێ دەنگیتا،**
**بەبێ دەنگی،**
**شێتیت نەنێمە بن سەرم..،**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**خۆ،دوێنێ گەرمتر لەئێستا سڵاوت لێ کردم..،**
**نەشئەی شێتی لەدەرونما مەڕەوێنە..!**
**دڵ بەبەرێوە نەما..،**
**گرفتارم..،**
**بۆگوزەرانی شێتێتیم،خوناوی ووشک ئەڕێژم،**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**سەوداسەرم،**
**بۆ خەمەکانت ڕەنجدەرم..!**
**بۆ ڕوخسارت،کائینێکی دەربەدەرم..،**
**ئەی چەمەنی دوا ساتەکانی پەنهانی عومرم..!**

*** * ***

**وێڵم مەکە..!**
**ئەی،دوا ووشە پەمەیێکانی دوا قەسیدەم،**
**ئەی نەعرەتە بێ ئان و ساتەکەی، گرمە گرمی چاوەکەم،**
**ئەی مەزرا،سەوزە جوانە بێ هاوتاکەی ئەندێشەم..!**

*** ***

وێڵم مەکە..!

مێژوو دووبارە ئەبێتەوە،

لێ ژیان..!!

ئەبەد،ئەبەد،ناژێتەوە...!

سا،کەژاوەکەم هەڵدەرەوە..،

تابەتاوتر، بەدەم سێوێکی،ئیلاهیی،سەر سینگتەوە،

گڕوگاڵ کەم و،بتریقێمەوە..!

❊ ❊ ❊



# قەدەری عیشق

تاوە بزەیەکیت،

بەدەم خەندەی بەهارەوە..،

نەسیمێکی شێتیت،

بەدەم شەپۆلێکی،سەرشێتی دەریاوە..!

ئاوازێکی حەزینیت،

بەدەم سۆزی نایەکەوە....

چریکەی ژێکانی،تاری دڵمیت..!

بەشیوەن و ناخ کوتانی پەنجەکانم،

مەقامێکی پایزانەی گەروو نەدیوو ئەلێیتەوە..،

کەرەمکە،لێوەکانت مەرەخەس کە..!

هوزاری دیلی نێو دڵت،

لەنێو،کەروێشکەی،گوڵەگەنمی،وەرزی حەزەکانما بەرەڵاکە..!

خەرمانی،بێ جووتیاری ئەم تەمەنەم شەن و کەوکە..!

گفتی چاوم بەگفتی چاوت ئاشناکە..،

هەناسەکانم،ئاوێتەی هەناسەت کە..!

گەردوتۆزی کەڵەکەبووی نێو ناخی تۆێ توێم بەباکە..!

کەرەمکە..!

**پیرۆزیت بهۆنەوەو،لەبەر دەروازەی بەرائەتا،بەگەردنی بەرائەتما**

**هەڵیواسە..،**

**کەرەمکە..!**

**زێوانەکەت ڕاسپێرە،قاپیی مەرقەیی پیرۆزتم بۆ واڵاکا..!**

**کەرەمکە.!**

**قەدەری عیشقە،تروسکایی مەرحەمەتی بۆ واڵاکە،**

**کەرەمکە،**

**خۆ من بێ تۆ..،**

**هەورێکی،ووشک،ووشک، بەژن و باڵای زەوت کردووم..!**

**زەمهەریرێک ڕەق و کەسیرەی کردووم..!**

**کەرەمکە..!**

**زێوانەکەت ڕاسپێرە،دەرگای عیبادەتم بۆ واڵاکا،**

**لەژێر سێبەری،درەختی مەرقەدەکەتا،هەناسەکانم تاووتوێ کە..،**

**ڕەق بوونەوەو کەسیرەییم،**

**هەواڵەی،گزنگی خۆرەتاوێ کە.،**

**عیشقێکی مەخمەلیم وەبەراکە. ،**

**کەرەمـــــــکە..!**

**زێوانەکەت ڕاسپێرە...؟**

**قاپی مەرقەدەکەتم بۆ واڵاکا.!**

**مشتێ بەردۆکەی،سپیکەلەو گەنم ڕەنگ و ئەسمەرو شین باووم پێیە،**

**هاتووم،موریدانە،**

**بەکاوەخۆ،بیانوسێنم،بە،بەژنی کێلێکتا،**

**تا،تروسکەی مەرحەمەتت نیازومورادم حاصڵ کا،**



**هاتووم..!**

**خونچە ووشک هەڵاتۆکانی سەر لێوانم،ئاونگی بەرەبەیانی لێوەکانت**

**پاراویان کا..!**

**زاهیدم.،**

**ڕێبازی تەریقەتەکەتم پێ ئاشنا کە..،**

**کەرەمکە..!**

**با ئیلاە،**

**لای ئیلاهی عیشق شفاعەتێک بەگەردنی ئاهێکماکا..!**

**بائیلاە،**

**بەرەوڕووی هەورێکی تەڕوپاراوتم کا..!**

**بائیلاە،**

**مانگم لەکەزیەی چوون شەوتا پێ ڕەواکا..!**

**بائیلاە،**

**ڕووخسارم،لەڕوونی کانیەکتا،بەشەفەقی ڕوخسارت ئاوێزان کا..،**

**با ئیلاە،**

**لەبەندەری چاوەکانتا،سەرەڕۆیی دکتاتۆرەکانی عیشقم بۆ وەسف کا.،**

**با ئیلاە،**

**لەبەندەری قوبەی سنگتا بارگەوبنەم پێ بەتاڵ کا،**

**کەرەمــــــکە،**

**قەدەری عیشقـــــــە..،**

**شنەی،تێکچڕژانی ئولفەت و،نەرمە شەڕەکەی،بۆن و بەرامەی مسک و**

**عەنبەرو عەقیقە..،**

**کەرەمکە..!**

بێ مروەتی مەنوێنە.؟
ئەم قەسیدەیەم بەئایەتێ بچوێنە..،
لەسەر ڕەفەیەیەکی لێوەکانت،لەپەڕۆیەکی سەوز سەوزی بئاڵێنە..،
کازیوان بەڕۆندکی حەرفەکانی دەست نوێژ بگرە...!
دەمەدەمی دوعاونزا..
مرواری ئاهو حەسرەتەکانی،لەسەر لەپی دەستەکانت بەرز بەرز ڕاگرە..!
ئەوجا،هێدی،هێدی،بەکاوە خۆ، بەتەجویدەوە،بیخوێنەوە*...!!!

***

*تەجوید:ئەو ئاوازەیە کەقورئانی پێ دەخوێنرێت.



# بەلقیس

بەیبونێ بووی،تا،بەربەیان..!
لەگەڵ وەنەوزو،بەرەو کز بوونی چاوی ئەستێران..
لەلام دەبووی بەمیوان و،یەکمان ئەدوان.!
وشەکانمان..
وەک دوو پەپولەی حەسرەت کێش،لێویان گیر دەکرد لەلێوان..!

بەلقیس..،
گۆڕینەوەی ڕازونیاز،
بۆ چێکردنی لانەو،عەرشی جێ ژوان..!
بۆ سازدانی کەژاوەو خەنەبەندان
ببوون بەوێردی سەر زمان..،
هیوایەک بوو،هیوای دەڕژان..،
بۆ ئاوێتە بوونی ڕۆح و هەناسەکانمان..!

بەلقیس..!
ئاڵوگۆڕی نەرمە قاقاو پێکەنین،
هێمای تازەگەری بوون بۆ ژین..،
چاوانیشمان فەزایەکی ساماڵی شین شین..،
تنۆک،تنۆک..!
لێی دەباری عیشق و ئەوین..،

بەلقیسێ بووی..
ژیرانە بۆنم ئەکردی.،
سەلارانە بۆنت ئەکردم..
سەنگینانە ئەمدوانیت،
لاسارانە ئەتدوانم
لێ مخابن،
گرمەی هەوری لیوەکانت..،
لەسەرخۆتر..
لەیەکتری نەترازان،
هەرچی بەیبونی،باغی ناخ و دڵ و دەروونە،هەڵپیرۆکان...!!!

***

19/8/2007



# هیجرەت

خۆ من هێشتا..،
لەژێر کەپری مێوەکەتا..!
هەڵنەژنام بەفێنکایی سێبەرێکتا..
لێوی بەرسیلەیەکتم نەگەست...،
بۆ نەتبردم لەگەڵ خۆتا...؟
چۆن دڵت هات جێم بهێڵی بەتەنیا..!!؟

***

هاوار.هاوار....!!!
ئەی تۆ نەبووی بانگی عیشقت بەگوێما دا...؟
ڕوو لەکوێ کەم...،
زام نەما تەیی نەکەم..!
ئازار نەما دیدەنی نەکەم.،
گۆڕەپانی جەنگ نەما ڕووی تێ نەکەم..!
هیچ سەنگەرێک نەیگرتمە خۆی..،
دەڵێن لاچۆ..
تۆ عاشقێکی سەرەخۆرەو سەرەڕۆی..،
سۆفیەکی گرۆزو گرۆی.،
هەتا ماوی ڕەنج بەفیرۆی....
کەی تۆ دێوانەی،کۆڕی دۆزەخی عیشقی ئەمرۆی....؟

سەر هەڵگرە...!

کەس پێت ناڵێ بۆ کوێ ئەڕۆی یاخود ناڕۆی..!

❊❊❊

لێت دەگەڕێم...،

شکۆفەی نیگام ئاوەڵایەو،چاوەڕێم....،

هوزارێکی خۆش ڕەوانی دەم سەرەڕێم...!

بێ پەروام و،بەرەو ڕووت دێم....!

تاکو پڕتر بێت،لەنەغمەی ئۆرگانیزمی گریانت هەردوو گوێم.!

❊❊❊

ئاخر خۆ من،

هەورێکی گرینۆکی ووڕکنی بێ ئاسمان و بێ جێگەو ڕێم

بۆ ئەم هیجرەتە ناشێم...

خۆ دڵی عاشق نەما لەبۆی نەدوێم....!!

❊❊❊

واوەیلامە...،

کەژوکێوی غوربەت گرتومیە خۆی...!

دنیام..،

مێرگوزارو ئاگرێکی بێ ئامانە...

تیایدا..،

چنگم ناکەوێ پەڕەو خامە...!



مەگەر هەر هەناسە،بەبێ دەنگی بکەم بەنامە...،

بۆ هجرەتی تۆی نیشتیمان و ئەو نیشتیمانە...!

❊❊❊

ئای کەسەختە...،

پرسیار نەجوویت...!

لەگەرودا نەیتاسێنی و عاشقانە دەری نەبڕیت...

ئای کەسەختە...،

ڕەنجی عیشق....

لەسەر کۆڵی ئەسپێکی شێت...،

هەنگاو بنێ و نەیلاوێنیت...!

ئای کەسەختە..،

پێ نەزانیت...

کەچاوەکانم لانکەتن..،

کەبرژانگەکانم دەسرازەتن..،

هەناسەکانیشم ڕاژەنینی عیشقەکەتن

برۆکانیشم پەروانەکەی فڕۆکەکەی دەستەکانی مناڵیتن..،

❊❊❊

# لەجیاتی خوا دڵمت لەگەڵ

(خۆ،من هێشتا..، ❊
لەژێر کەپری مێوەکەتا..!
هەڵنەزنام بەفێنکایی سێبەرێکتا..
لێوی بەرسیلەیەکتم نەگەست،
بۆ نەتبردم لەگەڵ خۆتا..؟
چۆن دڵت هات جێم بهێڵی بەتەنیا..!؟) ❊
خۆ،من،ئەمڕۆش وەکو دوێنێ..!
ئەوەی هیوای هیواکەم بوو نەهاتە دی
بەڵام پێرێ
پێرێیەک بوو،
هێشتا قژتی بۆ بەختی خۆت تیا ڕەش نەکرابوو
هێشتا،
شانەی دڕکاویت
لەبن،ئاوێنە شکاوەکەی بەر دەرگاکەت،بۆ داهێنانی دانەنابوو
پێرێیەک بوو
کە،تائێستاش لات ئێستایە
بۆی ڕۆح و هەناسەکەم،
بەبۆی ڕۆح و هەناسەکەت ئاشنایە
هەردەم،لەلات
بۆی بارانی پاش وەشتەو،ئاوازی تارو نایە
❊❊❊



پێرێیەک بوو
بۆی نەرمە ئارەقەی بن هەنگڵ و لامل و گەردنت
هەناسە مەستەکانمی مەستتر کرد
ڕۆحی گڕ تێبەربووم
لەحزوور،
بۆی بادەی جەستەو بسکە خەنەییکەی جارانت
بۆی،هیچ عەترە بادەیەکی تری نەدەکرد
پێرێیەک بوو
دڵە لەسەر پشت ڕاکشاوە سپێکەت
هێندە جوان بوو
بۆ حەوانەوەی
کۆرپەی عیشقی کۆچەریم
ڕازاوەترین ڕەشماڵ بوو
پێرێیەک بوو
پێخەفەکەم،تیایدا،جۆلانە بوو
بەقۆزاخەی ووشە بە ووشەی شیعر ڕاخرابوو
پێرێیەک بوو
ڕەشماڵەکەم
هێندە توندو تۆڵ بوو
دار نێرگەکانی❊
بەکۆپلەکانی
شیعری قەدەری عیشق ڕاگیرابوو❊
پێرێیەک بوو
جۆلانەکەم

هێندە ڕازاوە بوو
کاکۆڵی کۆرپەی عیشقم
لەکوژەکەو مووروی شین زیاتر،
هیچ چاوەزارێکی تری پیا هەڵنەواسرابوو
ڕوخساریشم..،
بە پۆپەشمینێکی پەمەیی داپۆشرابوو
دەستی ڕاژەنینی پڕ میهریشت،
گەرووی هوزارێک بوو
هۆرەی عیشقی
لەبن قەدپاڵی ڕۆحما ئەچڕی
نەغمەو،نۆتەکانی گەرووت
گمە،گمی،دوو کۆتری عاشق بوون
سەر بانێژەی جۆلانەکەمی خرۆشانبوو
هێوریش..،
دەستەکانتی کێش کردبوو
لە،ئاسمانی هەردەم پەمەییما
جگە لە لێوە ووڕکنەکانی خۆم
ئەستێرە ووڕکنەکانیشی
لەسەر سینەت خەوانبوو

***

خەجاڵەت بیت
خۆ،ڕووی ترێ ڕەشکەم ڕەش نەکردوە
لەخۆت شیرینتر هێشتومەتەوە
دەسا..،



یەکێ،لەتوولە ڕێگاکانی ڕەزەکانتم بۆ بەرین کە
پەیامی کوڵە بەرسیلەیەکی عاشقم پێ یە
تاوەکو بنچک،بنچک
بیچڕم بەگۆی هێشۆکانتا

***

خەجاڵەت بیت..
لەژێر ساباتێکی دوورە پەرێز نەمناشتوویت...
هایت لەژێر کەپرە مێوەکەی حەوشە ڕەق و تەقەکەی مناڵیما
لەگەڵ،یەکە یەکەی لێدانەکانی دڵما ئەژیت و دێیت و ئەچیت
گاهێ پێ ئەکەنیت و
گاهێ ئەگریت و
گاهێ تووڕە ئەبیت و
گاهێ دێیت بەگژما
ئیدی،چما،بارگەو بنەی هیجرانت لەکۆڵ نا..؟
دەسا بڕۆ..،
لەجیاتی خوا دڵمت لەگەڵ
چونکە دڵم کۆرپەیەکەو هەموو ساتێ ڕاییئەژەنیت
مەحاڵیشە دڵ بنێژرێت و تۆی تیانەبیت

***

* هەمان کۆپلەی شیعری ( هیجرەت )ە.
*قەدەری عیشق: شیعرێکی بڵاو کراوەی خۆمە.
*دار نێرگە: ئەو دارانەیە کە دەخرێتە بن دەوار یان ڕەشماڵ.

# بەیبوونەوان

کەهاتمەوە ..،
لەگەڵ ڕابوردودا ئاشتم کەوە
لەگەڵ داهاتودا بمتۆرێنە
لەگەڵ ئایندەدا بمنێژە
جێ پێی ئەستێرەیەکم نیشاندە،لەئاسمانا غەریب نەبێت
تریفەی مانگم بۆ بکە،بە نۆتەی مۆسیقای شیعرێک
چریکەی گەروی خامەشم بۆ بکە بەئاوازێک
هەرگیزاو هەرگیز ڕێگر نەبێت..
ئەگەر هاتوو کەزیەی بەلقیس بەڕوخسارما پەخشداکەم
ئەگەر هاتوو خەنەی خوێنمی بەڕۆحداکەم

دەستم دامێنت..
کەهاتمەوە..،
چیدی نەهێڵیت
ببمە ئەو دەریایەی..،
کە تیشکی ڕۆژ بەبێ ڕوخسەت،دەمکا بەهەورو خۆشم نەزانم،بەسەر چیدا
ئەمپرژێنێ،
بۆ چ مەینەتیەکم هەڵدەگرێ و بەسەر شان و ملی چ درەختێکی پایزا
ئەمبارێنێ..،
بەلقیس



بەگفتت ناکەم
لەیاد خۆمت دەرناکەم
لێ،لەمەودوا
نەکەی بمکەی بێ نەوا
درۆیەکم لەگەڵ بکە،بڕوات پێ بکەم
ڕاستیەکم پێ مەیژە بڕوات پێ نەکەم
دەنا تاوێکی تر لەگەڵ ملوانکە شینەکەت دەچمە کۆڵان
پەڕە بە پەڕەی شیعرەکانم بە گوڵەبەڕۆژە فرۆشێک ئەبەخشم
ئەوەی کوڵ بەناخیشم ئەدا چیدی نایئوسم
هەموو سەحەرێ
تاسەحەری دادێ
لەگەڵ پێکی مەیا حەرف حەرف دەینۆشم
بەڵکو بەئاگا بێمەوەو،شان و ملی هەناسە پاییزێکانمی پێ داپۆشم
بەلقیس
بەگفتت ناکەم
من وەکو تۆ (هەمیشە سڵاو)ی ووشکت لێناکەم
هەردەم
بەیبوونەوانی بەیبوونەکانتم
هێند نزیکی ناگەمە لات
هێندەش دووری من هام لەلات
***

# دوايين شيعر

## (١) لەزاری(....)

شەوانە،
تا،سايەی،کەنار،تاريک و ڕوونی کازيوەی عەشقت..،
لەبريی،شووشەيەک مەی..!
شووشەيەک،گوڵاوی گووڵە بەيبوونم ئەنۆشی،
گوڵە بەلقيسم ئەکرد بەکلۆ سەهۆڵی پێکەکەم و کەف و کوڵی سينەو دڵمم
پێ ئەپۆشی..
ئەو دەمانەش،
ترپەی دڵ و،هەست و نەست و خەياڵ..
ناخيان پڕ ئەکرد،لەنەشئەو جۆش و خرۆش و جورعەی ئەبادو کەرنەڤاڵ
عەيارانە..
بەکەزيەی ئاڵۆسکاوی تازە ڕەشەوە..
بەڕۆخ ئاونگی،بەژن و باڵای پێکەکەما،ڕێت ئەکردو،پێڵوەکانمت ئەکرد
بەشانە
نەرم نەرم ..
بەئەسپايی..،



سۆلەکانی پێت،ئەخستە بن هەنگڵ و دەچويتە بەر هەيوانی گوڵە
بەلقيسێکم،
بيلبيلەی پەپولەيەکی بەريئمت ئەکرد بەئاوێنەو..
بەنازو عيشوەو لەنجەولارەوە،
کەزيەت پێ دائەهێناو لەمکياجە خواکردەکەتت ئەڕوانی..
ئەوجـــــــــــــا..،
پەنجەيەکت کووڕ ئەکردو دەرگای ئەنديشەی خەون و خەياڵمت ئەکوتی..
بەگەرويەکی لاسارەوە..،
پێت ئەووتم..!
نەرمە گيان..
ئەی شۆڕەسواری خەون و خەياڵ و ژيان..
گوێ ڕادێرە،
لەنزيکەوە هاتووم...
کيشوەری چەندين عيشقی دوورم گڕ تێ بەرداوەو دووی گێژەنی عيشقی هات
ونەهاتت کەوتوم..
پێت ئەووتم..،
هاتووم..،
لەسايەی ئيقاعی ترپەی دڵ و ئۆرکسترای هەناسەيەکتا..،
بەکاوەخـــــۆ،
بەکامی دڵ،
باسی عيشقت بۆ بکەم..،
پێت ئەووتم.،
نەرمە گيان..،
ئەم جارەيان..!

خەنەی خوێنت،
چەشنی گوڵاوی گووڵە بەیبوون..،
ڕۆنەکەیتە گوڵاوپرژێنی جەستەمەوەو..گەرەکمە..!
بەدەستی خۆم،بەسەر جەستەما بیرِێژم،
پێت ئەووتم..،
هاتووم تێم بڕوانیت..
کەچۆن مانگم وەک ماکسیەکی پەمەیی بۆکردویتە بەرو
ئەستێرەم کردوە بەقردێلەی بان سەرم..
هاتووم.لەپێکەکەتا بتوێمەوەو
هەناسەو ڕۆحم ئاویتەی هەناسەو ڕۆحت کەم ...
هاتووم،هەرچی عیشقی مەست و تەزیوی لەوەو دەمە...
دایانماڵم لەبەر خۆما..،
هاتووم،بڵێسەو مەشخەڵی بان لەپی دەستی ئەم عیشقە..،
کەلەبەرە نوتەکو تاریکەکانی نێو دڵت ئاوەدان و ڕۆشنکا
هاتووم،بتکەمە قیبلەو دڵم بکەم بەبەرماڵێک و ڕاییخەم لەبن پێتا
هاتووم پێکەوە دەستنوێژ بەو نامانە بگرین.
کە لەسایەی فرمێسکەکانمانا ئەخوسان و لەدڵ و دەروونی وێرانەی خۆمانا
هەڵمان ئەگلۆفین ..
نەرمە گیان،
لەنزیکەوە هاتووم ..
هاتووم،هاتووم..!
شیعری (خواقەزاو گیانەکەم)( بۆ تۆش) بکەم بەهێماو سونبلی داهاتووم....



(٢) لەزاری (....)

جوامێری ئەز..،
ئەی سوارچاکی مەیدانی جریت بازی چەلەنگ و نەبەز
هاتووم هەرچی لاوک و حەیرانی عیشق هەیە بۆ تۆی بچڕم..
هەرچی گوڵاوی گوڵە بەلقیس هەیە بەسەر ڕۆحی تۆیا بیپرژێنم
پاشایێ ئەز..،
بەڵێن ئەدەم..،
ئەم عیشقەشم جوداتر بێت،
نەیگۆڕم و ئەبەدی بێت..!
دوورە پەرێزی هەوەس بازی بێت،
بەڵێن ئەدەم..،
هەردەم،
لەفەزای ئەندێشەو خەون و خەیاڵتا
وەک ئەستێرەیەکی عاری،عاری..،
بەبێ عاریی..،
لەئاسمانەکەتا بێم و بچم..
هەرچی پەڵە هەور هەیە ڕایسپێرم
لەبری باران..،
نمە گوڵاوی گوڵە بەلقیس بەسەرسەرتا ببارێنن
هاتووم بەبێ دەفی دەروێش زیکرو تەهلیلەت بۆ بکەم....
ئەو زیکرو تەهلیلەیەی،
کەبەگەورەیی بۆتە نوێژی بەیانیانت و لەمێژە خوازیارم بۆتی بکەم....

کەسی کەسم ...
بڕوا بکە،
لە تۆ زیاتر کەس ناناسم..!
گەر تۆ نەبیت من هەمیشە ووڕووو کاسم..
گیانی گیانم..،
ئەو دەمەی زەنگی بائاگا بوون،لەناکاو خۆی دەکوتێتە نێو ئەندێشەم...
کوڕگەلی مەهابادو گەرمیان و کانی ئاسکان وەلا دەخەم....
چم،لەیاد نامێنێت و،هەر هێندەم پێ ئەوترێت بڵێم،
ئەی پیاوی من،تۆم خۆش ئەوێت شێێێتتتتانە...
هەموو گیانم بۆ گیانت پڕ وررروووووژانە..!!
ئەوەی پێشتریش،عیشق هێشتم کردبوون،
لە پێناوی عەشقی تۆدا وێڵم کردوون..!
ژینی ژینە..،
ژیانی ژینە..،
(بەگیانی تۆ قەسەم،گیانی تۆ،بۆ گیانی من،گیانێکی شیرینە
خەم ڕەوێنی دەردەکانمە،ئەم عیشق و ئەوینە)❋
کەسی کەسم..!
زمان لاڵەو توانام نیە چلۆن بدوێم..
گەر تۆ نەبیت ئەم ژینەی ژینە دۆزەخ دەبێت...
سازو تاری دەنگت نەبێت،هەردەم تەمەنی دوای چلساڵیمی تیا
دەبرژێت.....
وەدەرکەوە..!
ئەو شەوانەی دەنگت نەبێت لەسپێدەوە چاوەڕێتم ...
تا،کەرەم کەیت..!



سڵاوێک بکەیت و،بەخەندەو تریقەوە بەرەو ڕووت بێم،
سوخمەی گوڵنار بترازێنم
وەکو خونچە،
یەخەی سەوزی خۆمت بۆ دادڕم..!
کەسی کەسم..،
من ژینەی تۆم،
هاوسەری تۆم،
ژێوانیش نیم لەواژۆم.
(لێشم گەڕێ،
چۆنم ئەوێت خۆشم بوێیت،
بەو ڕێگەیەی من ئەمەوێت.)❋
❋❋❋

٢٠٠٧/١١/٢٤

# دوا هەناسە شپرزەکانی ٢٠٠٧

**١. ڕێم پێ مەدە.**

ئەگەر هاتوو..،
قەڵەمەکەم ئازاد نەبوو..!
لەگەڵ هزرو هەڵسوکەوت و تێڕوانینما ڕاستگۆ نەبوو..
ڕێم پێ مەدە،
هەرچی حەرفی ووتارو قەسیدەمە،
بیکە بە تیر..،
بەبێ کەوان..!
بیهاوێژە بەرەو سنگم..!
لێ،ئاگاداری دڵت بە..؟
هێشتا تێیدام..!!
چونکە..،
لەنیوە وەرزێکدا حەوت کاژی عیشقم تیا فڕێدان.

**٢. تۆویی سێوی لێوەکانت**

خاکت بەسەر..!
دەهری عیشقێکت،
بەپژانی شەکرە سێوی لێوەکانت برد بەهەدەر..



خاکت بەسەر..!
هێند موتاڵای دەستوری یاسای عیشقم کرد،
بەندێکم تیا بەدی نەکرد..،
ئۆهەنگم کاتەوەو،لەبەردەم (ئیفرۆدیت) ـا*، لێ خۆش بوونم ڕاگەیێنم،
باوان شێواو،
بڕوا ناکەم،
تیغی زوبانی کوولت،
لە گەڵ هەوری چڕی ئاسمانی لێوەکانی بێ سەمەرت،
بۆ لۆژیکی گوفتارو ساباتی هیچ خۆرەتاوی عیشقێک بشێن..
ئەو تۆوە سێوانەی لێوەکانت وەشاندنی بەبێ ڕێنوێن،
لە نێو باغیی،بەر پەنجەرەی تەماویی دڵما،بوون بەشەتڵ و بوون بەهەوێن
بەڕۆندکی چاوانی حەقیقەتی عیشق نەبێت،بەهیچ ڕۆندکێک ئاو نادرێن..!
زامەکانیان..
بەهیچ (هەتوان)ــە عیشقێک سارێژ ناکرێن..
جـــــا،لێم گەڕێ،
با سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم شیعرە بم..،
نەبا،بەبێ سەمەرو سەفاکانی تۆ..!!
دووعا خوازی،
لە تۆوە سێوەکانی هەگبەی (لەب)ت و دوا هەناسە شپرزەکانی ٢٠٠٧ بکەم،
نە با بەبێ تۆ..!!
پیرۆزبایی لە سەوداسەرانی فەلەنتاینی ٢٠٠٨ بکەم!!!

٣. لێ لەمەو دوا.

ئەی سوێسکە دەستەمۆکەی دامێنی پاژنەی عیشق و دامێنی ژین..!
ئەی سوێسکە دەستەمۆ خزاوەکەی نێو تۆڕی شپرزەیی ڕاوچیانی بەنێو ئەوین..،
پێش توانەوەی گەردیلە شەکرەکانی نێو ئاوی کانی لیخنت..،
چوار وەرزی ڕەنگاو ڕەنگ،
لەدووتوێی هەناسەی گەرویەکا بوویت..!
شیعرێکی جریوە زوڵاڵی(جاویدان) بوویت..،
لەدوو توێی دوو پەنجەدا..،
خامەیەکی بەبڕشت و زرینگ ناو بوویت..،
لـــێ،لەمەودوا،
لەدوو توێێ دڵێکا
سوێسکەیەکی سەرەڕۆیت..!!
لەسەر زاریش،
گەرویەکی بێ هەناسەی خۆ بەخۆیت..!!!

٤. مخابن.

جا،من چی بکەم...!
خۆ من جارێ..،
لەشیعرەکەی فەلەنتاینی ٢٠٠٧ نەبوومەتەوە..
ژ بەر هەندێ چۆن بتوانم..!؟
پاش،کردنی گەرمیانی دڵ بە کوێستان..،



شیعرێکی نوێت بۆ ٢٠٠٨ بۆ بهۆنمەوە..
بەڵێن ئەدەم،
شیعرەکەی فەلەنتاینی ٢٠٠٩ م...!
شیاوت بێت..!
شایستەی تۆی پاژنەی ژین و مەهزەلەی شەهامەتت بێت
وێنەو خەیاڵ و هۆرمۆنی مۆسیقاکەی هاوشانی ڕەوتی چەوتت بێت..،
زریانی خەمیش وێڵ نەکەم،
ئەگەر هاتوو..
دەرگای سروەی خەمم بکووتێت..!

٥. لەحەناتا.

دڵم کانگای بەهەشتێک بوو..،
لەحەناتا..،
هەرچی حۆری تێدا بوو..،
بەهەشت دەری کردن..!
چونکە تامی ماچی لێوە تەنکەکەت،
چونکە ئاشنابوونم، بەلێوانی،گۆزەی هیلالی جەستەکەت،
ببوون....
بەجۆگەلەی..،
شەرابولطەهوراکەم..!
لەدۆزەخی ئەم ژینەدا..!!
ببوون بەباغی ئیرەم و،
ببوون بە کونجی مەی زەدەکەم..،

## ٦. وەردیان. *

(وەردیان)ێ بوویت..!
کلیلی قفڵی کۆت و زنجیرو پێوەندم بوویت..!
هەناسەی ئازادیی،ئەم تەمەنەم بوویت..،
خەرامانی مێرگ و نێرگزەجاڕو گزنگی خۆرەتاوم بوویت..،
پەلکە زێڕینەی،
دەم ئێوارانی بەهاری، دڵێکی لە باڵی کۆرپە پەپولە ناسکتر بوویت..
بەزمانی مناڵییش،
پرچی ئایشێ و فاتمە بوویت..،

## ٧. خورپە.

درۆ ئەکەم ..،
ئەگەر بڵێم یادت ناکەم..
جار ناجارێ،
لەزیهنما دێیت و دەچیت
بەداوێکی ئەندێشەما هەڵدەزنیت
نەک ئەو هەڵزنانەی جاران..
نەک ئەو یادەی،
کە،خورپەی سڵاوە کتووپڕەکەت عەرشی ئیمپراتۆریی دڵمی هەژان..!



## ٨. ژێوان نیم.

ژێوان نیم،
ئەگەر دەهرێک ڕووباری ڕۆحت ئاوێتەی چەمی ڕۆحم بوبێت..!!
ژێوانیش نیم..!
ئەگەر چەند کاژێرێک..،
دڵتم هاودەمی،
هاژەی شەپۆل و
نەرمە گریانی ئۆرجانیزمی،سەر پێخەفی لەیاد چووت بێت..!
ژێوانیش نیم..!
ڕووباری ڕۆحت پێ سپاردبم،
ژێوانیش نیم..!
چەمی ڕۆحمم بەدەریای ڕۆحت سپاردبێت.

## ٩. من وەکو تۆ.

من وەکو تۆ، هەرگیزاو هەرگیز، نەباتی تاڵ
ناکەمە دیاری فەلەنتایین و سەری ساڵ
تا،ئەو ڕۆژەی فەنا ئەبیت،
خۆری وەفا ئەبارێنێ بەسەر (گڵکۆ) تــا ڕۆژی عیشقم
ڕۆشنایی شەوانی سەر گڵکۆتە مانگی ئاسمانی هەردەم شینم

هەر وەک جاران،

(چەندە دووربیت من لەلاتم

کەپری مێوی بەرسیلەو ترێتم)

زریانی تووشی ووردترین و کەڵترین خەمتم..،

پێدەشتی بەرینی وەرزەکانتم..!!

شنەو سروەو کەروێشکەی،گوڵە گەنمی دەم نزارتم..،

١٠. <u>لەم دۆخەدا.</u>

ئەی سوێسکە شپرزەکەی دامێنی دامێن و دامێنی پاژنەی ژین..،

لەم دۆخەدا،

لەحەنای ڕاستگۆیی ئەم شیعرەدا،

کاممان سەر نەوێین...!

کاممان بمرین..،

کاممان،شەرمندەی باران و تەرزەو پڕوشەی بەفرین

کاممان هەڵوەدای شپرزەیی ئارەزوومەندانی،

تۆڕی ڕاوچیانی بەنێو ئەوینیین،

کاممان ڕووڕەشی( ئیفرۆدیت)ین

کاممان ڕووزەردی فەلەنتاینییین،

جا،لێم گەڕێ..!!

با،سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم شیعرە بم..،

نەبا بەبی سەمەرو سەفاکانی تۆ،



دوعاخوازی لە تۆوە سێوەکانی زارت و دوا هەناسە شپرزەکانی ٢٠٠٧ بکەم..،

نەبا بەبێ تۆ بەخێرهاتنی فەلەنتاینی ٢٠٠٨ بکەم..!!

نەبا بەبێ تۆ دوعاخوازی لە دوایین شیعرم بکەم.

*ئیفرۆدیت: خواوەندی خۆشەویستی.

*هەتوان: مەرهەم.

* لەب: لێو

*جاویدان: نەمر،زیندوو.

*وەردیان: ڕەقیبی زیندان، پاسەوان.

* گڵکۆ : گۆڕ.

# تووخنی ئازارەکانم مەکەوە

بەئاسانی ژیانمت زەوت کردو،زۆر بە قورسی ئەمدەیتەوە
چونکە پێش تۆ..!
مەرگ زۆر جار،
دەرگای کوتام و بەگژیدا چوومەوە

❊❊❊

کە،تۆ هاتیت ،بەهار نەبوو
ڕەگە ووشک هەڵاتۆکانی تەمەن،ووردە ووردە ژیانەوە
بێ دەربەستانە
لەناخیانا،ڕاکشایت و سەوز،سەوز بوونەوە
کە،تۆ هاتیت
پەڕەی گوڵە بەلقیسێکم
کرد..،
بە باوەشێنی هەناسەکەم
لە پەرستگای دەرونیشا
ڕۆژ نەبوو خواوەندێکی نوێ بەنێوی تۆوە درووست نەکەم

❊❊

ئێستاش ڕاهیبێکیت
منیش خواوەند



ئەو کـــــفـــرانـــەی شەوی یەڵدات
ڕامئەسپێرێ.،
دەمامکی ڕووخسارو گوفتارت داماڵم
لەبەردەمی هەموو( کاهین)ێـــکا کەسایەتیت بناسێنم

❊❊❊

چم ناوێ لێت
یان،لە ئازارەکانم گەڕێ
یان،لە دەورییان گەڕێ
دەستیش وەرمەدە لەخەوم
خەوە بەهارینەیەک
وەک ملوانکەیەکی پەمەیی، بەگەردن و بەرۆکی چاوەکانما هەڵواسە
تا، پێڵوەکانم
تەنها شەوێک
بە بێ بادە،
دەست بکەنە ملی یەکتر

❊❊❊

بەم ئەزمونی تەمەنەوە
بەم هەموو ئاڵوگۆڕی عیشقەوە
بۆ،خۆت کاڵ فام ئەکەیتەوە..؟
بەئارامی لەگەڵ ئازارەکانما بدوێ
چی دی،لەپی دەستە مەستەکانت
بەسەر هزری هەمیشە مەستمما مەهێنە
یان،لەئازارەکانم گەڕێ
یان،لەدەوریان گەڕێ
ئازارەکانم،بەئەمەکن

چ، جای ئێستا
بەمناڵی و بەهەرزەییش هەر پیرۆز بوون
❊❊❊
واز، لە ئازارەکانم بهێنە
توخـنـــــیان مەکەوە
ئازارەکانم بە، ویقارن
لە نێو ئامێزێکی
چوون والای تۆیـــا بۆ هەموو کەس
ئۆهەنگ نابنەوەو ئۆقرە ناگرن
❊❊❊
واز لە ئازارەکانم بهێنە
نەبا قەدەر بێت و
بەدیدارمت شاد کاتەوە
نەبا..،
بەستەڵەکی شەرمەزاریت
زمانت لەگۆ بخات و پاساوێکی لەخۆت سـڕڕڕتر بێنیتەوە
نەبا..،
حیکایەتی ئەمەک و وەفای هەیبەتی عیشق
لەبن ویزگەی گەڵاڕێزانی تەمەنا بگێڕیتەوە
نەبا، جارێکی تر..!
دوو کووپ قاوەی تاڵ و شیرین
لەقاوەخانەکەی سەر ڕێگاکەت بخۆینەوە
❊❊❊
واز لە ئازارەکانم بهێنە
چیدی پێ مەنێ بەسێبەرەکانیا



سێبەرەکەی
خۆشی ویستیت، هێندەی شەنگییت
بەڵام چی بکات پێی نەزانیت
کە، تەنها..،
لای خۆت ڕاهیبێکی بە هەیبەتیت
❊❊❊
ئیدی بەسە، لەئازارەکانم مەڕوانە
مەیاندوێنە
توخنیان مەکەوە
ئازارەکانم لەگڕوگاڵ کەوتون و پیریان گرتوە
ئەو دەمانەی دارە دارەت بۆ ئەکردن
ڕەوڕەوەکەیت شکـــــــــــان
تەونی دڵمت پێ داگیرســـــان
***

٠٨/٤/٢٥

# وەرچەرخان

چ،مناڵ بین،چ،گەورە بین..!
یادەوەرێکان..،
هێندەی سپێنەو ڕەشێنەی چاو لێمان دوورن
ئەمێستاکە
چ،مناڵ بم،چ،گەورە بم، یاخود پیرو پەککەوتەبم
تەونی ڕۆژگار چۆن ئەتوانێت؟
ئادگارەکانی تەمەن ڕاسپێرێت
دار تووەکەی نێو حەوشە ڕەق و تەقەکەی مناڵیم.،
لەئەندێشەی پەرتەوازەی حەسرەت کێشما وەدەر بێنێت
یاخود،تەونی ڕۆژگار چۆن ئەتوانێت..؟
لقە چڕە گەیوەکانی
لەباوەشی ئەم عومرەما نەتەکێنێت

ئەی چ زەمەن و ڕۆژگارێ..؟
لەحەنای ئەم تەونانە
بەربەستە
تاکو،نەهێڵێت
ئاهو،نزولەو،هەناسە،
بکەم بە پەرژێنێکی بێ پەیکوڵ بۆ ئەم خواستە



یاخود،گەردوون
چۆن ئەتوانێت
سەرەتاتکێی ئەستێرەکانم لەیاد بەرێتەوە
کەچۆن بەدەم وەنەوزەوە
نیگاکانیان
ئاوێتەی تیشکی
گڵۆپەکانی شەقام و کۆڵانەکانی سلێمانی ئەکردو بزەی چاویان دەهاتێ
لە تێڕوانینی ڕەوتیشم زیاتر،
نەیان ئەڕوانیە هیچ ڕەوتێ
کەچۆن،بەو مێرد منداڵیە
کفنی زیندوێتیم*
توورەکەیەکی خامی سپیە
شەقاو،شەقاویش
بەرەو فڕنی سەمونخانەکەی ئەم دیوو دەرگای سینەمای سیروان شەوگار
ئەکووتم*
پێش سفتاحیش
لەتریسکەی تیشکی گڵۆپێک و پڕشنگی نیگای ئەستێرەیەک
هەر،لەبەر مزگەوتی کاک ئەحمەیی شێخا
سفتاحم لە تریسکەو پڕشنگی دەستی کرێکارەکان ئەکرد
هێندە بەتام سەموون وشەربەتی مێوژیان ئەنۆشی
تاریکی لەلایان چراخان بوو
شاە گەدا بوو هەر ناویشیان نەبیستبوو

پاشان،بەدەنگێکی ناقۆڵا
بەرێرەوی کۆڵانە تەنگو خۆڵاوییە باریکەکانی کانێسکانا
بەرەو کۆڵانە قیرتاوو فراوانەکانی عەقاری ئەکەوتمە رێ
پڕ بەگەروو ئەمچڕان
کارەبایە سەموووون
چڕینەکەم
پێش داچڵەکینی دڵی ئەستێرەکان
ڕۆحی گوڵناری
گوڵە هیرۆو لاولاوە ڕاکشاوەکانی سەر دیوارەکانی دائەچڵەکان
چڕینەکەم
عەرشی خەوی بەیانیانی زۆر خەوتوانی ئەهــــەژان
ئەوەی لێی دەکرێم دەیکرێ
ئەوەی تووڕەش دەبوو ،بەتووڕەیی دەخەوتەوە

لێ..،
دەرگا پەمەییەکەی لاسیلەی کۆڵانی ئەودیوو
بەزمان و،وەسفی ئێستام،
پایزە ئەستێرەیەک ئەیترازان
تیشکی زێرکەفتی گڵۆپی سەر دیواری بەر ماڵەکەی
لەچاوەکانیا،ببوون بەتیــــر
وەک ڕاوکەرێ،عەودالی نێچیرێ بێ



بەڕاست و چەپدا ئەیڕوانی
تاوەکو،تیری چاوەکانی
لە کەوانی مێرد منداڵیما بهاوێ

بێ برست بووم
پایزە ئەستێرە
خواستی دڵیی بەسەردا ئەسەپانم
کە،مەرەخەسیشی ئەکردم
لەشەرمانــــا
هەر وەکو ئەسپێکی ڕەسەن سەرسمم ئەدا
بێ باکانەش..،
پەنجەی دۆشاومژەی ئەکرد بەقامچی و لێی ڕائەوەشانم
ناخ و دەرونی مێرد منداڵیی ئەتەزانم
پێی ئەووتم
نەخەڵەتێی
ئەم بێنەو بەرەیەی کەڕویدا لەلای هیچ کەس بیدرکێنی
دەنا سبەی بەیانی
سفتاح لەدەستی مەرگ ئەبینی
ئیدی،منیش..،
گەرووم،دەبوو بەدەریاچەی قوڵپە قوڵپی گریان
بۆ سۆراخی ژێربوونەوە
دەمڕوانیە ئاسمان

خواست و ئاوەزی منالێم پەیتا پەیتا هانیان ئەدام
هەرچی دار ئەلەکتریکی سلێمانی هەیە بیانخەمە سەر یەکو بیانکەم
بە پەیژە
هەموو ترپە ترپێکی دڵیشم بکەم بە پلە
تاوەکو،بچمە سەر ئاسمان و هەڵزنێم بەباڵای ئەستێرەکانا
لێ..،
خواست و ئاوەزی منالێم
بەهەمان پلەی پەیژەی هەڵزنانا دایان ئەبەزانم
چونکە،ئەستێرەکان
لەشەکەتیــــــــا
ئاسمانیان کردبوو بەسەرین و خۆیان بەمانگ داپۆشیبوو
ئیدی،ناچار..،
بەسەر شۆستە پان و بەرینەکەی حەدیقەی( شەعب)ـــــــا
بەرەو کانێسکان و ماڵەوە ئەچوومەوە
کفنی سپی زیندوێتی بەتاڵم،وەلا ئەناو،
پڕم ئەکرد بەترمۆزە پەمەییەکەی کارگەی چلوورەی ئەرخەوانا*
تا،دەمەو ئێوارە،ململانێم بوو لەگەڵ خۆرەتاوا

ئەو دەمەی لە چلوورە فرۆشتنیش دەگەڕامەوە
دایکە کلۆڵە بەد بەختەکەشم
پرتـــــــاوە ماچێکی کوڵمە هەتاو بردووەکەی ئەکردم
سەرمایەکەمی جیا دەکردەوەو قانزاجەکەی دەبژاردم



گەر، درکی بکردایە،لە قانزاج زێاترم پێ بوایە
بەدەستە ڕەق و تەقە چوون کۆڵەوژەکەی
دارکاریەکی خەست و خۆڵی ئەکردم
نەشمدەوێرا، پێی بڵێم
ئەستێرە پایزە شەنگەکەی عەقاری و پێشهاتەکانی فروێد چیان بەسەردا
هێناوم
دەنا زیاتر
ئەو شیرەی کە پێی دابووم،
هەڵمدەهێنایەوەو
کاسپی کردنی هاوینەشی لێ حەرام ئەکردم
بۆ ساڵی ئایندەی مەکتەبیش جلی جوانی بۆ نەئەکردم
بەحەرامزادەو باش بەخێو نەکراو ناوی ئەبردم
کاتی نوستنیشم(وەزەنی)نەئەیا لەکوڵمەکانم*

ئیدی ئێستا،کێ ئەتوانێت..؟
خواستی ئەوسام،بەسەردا بسە پێنێت،
کێ ئەتوانێت،
جەبەرووتی،
حەقیقەتی،
مەستیی ئێستام،
بەنا مەستیی ئەوسا بچوێنێت
کێ ئەتوانێت

**ئاوازو تریقەی پێکەنینی ئەوسام**
**بەگریانی بێ سەمەری ئێستام بچوێنێت**
**یان کێ ئەتوانێت؟**
**نەهێڵێت...،**
**ڕاستگۆییم..،**
**لەدێڕە شیعرێکا..،**
**بەدڵۆپە ئەسرینێکی پاراو نەچوێنێت**
**یان کێ ئەتوانێت.؟**
**بۆژوو جاڕس کردن و نزاو سنگ کوتانی دراوسێکانم لەیاد بەرێتەوە**
**لەگەڵ بینینی هەر دار توویەکیش**
**چ،زڕ بێت یان بەسەمەر**
**سنگ کوتان و نزاکانیان**
**بەهەمان ئاوازو سەداوە،**
**لەگوێکانما نەزرنگێتەوەو نەیلێمەوە**

**ــ هەتیوە سەرەخۆرەکەی (ئامەی سەمەن)ڕەببی خێر لەخۆت نەبینی***
**مەزمەعیل و نابینابی**
**توولەل عومر دڵ سافی بەشت بێت و هەمیشە هەڵخەڵەتاوبی**

**نزاو پێشبینی دراوسێکانمان**
**بوو بە کاڵاو، بەبەژنی تەمەنا بڕا**
**لێ،جارێ..،**



**مەزمەعیلی توخنی چاوەکانم نەکەوتووە**
**نەبا،یادەوەرێکانی منالّی و هەرزەیی و ئێستا،لەتاریکیدا بۆ ئێستا**
**بگێڕمەوە**
**لێ.،**
**بی گەردیی و پاکژی دڵ**
**مەحاڵە دەست لەبەرۆکم هەڵگرێت**
**لەبەر هێندێ**
**بەوهۆیەوە.،**
**دەیان جاری تریش وەک ئەسپێکی ڕەسەن سەرسم ئەدەم و نزام لێ ئەکرێت**

**بریا،عیشق..،**
**گەمەی بە پاکژیی نەکردایە**
**کفنی بێ وادەی**
**بەباڵا خڕۆڵەکەی دڵما نەبڕیایە**
**بریا..،**
**کاژێڕی زەمەن و مێژوو لەحەنای ژینا ڕووی خۆیان ڕەشکردایە**
**سوتانی دۆزەخی ئێستام نەچێژایە**
**ئەوی دیتم نەمدیتایە**
**ئەستێرە شۆخ و شەنگەکەی(عەقاری)یـــش**
**هاوار هاواری سەمونەکەمی بەجەڕەسەکەی سەگەکەی (بافلۆف)نەزانیایە***

هەیهـــــــــــــات

ئێستا چی بکەم..؟

پێکێ بادەی پێکەنین و تریقە،

لە تووە شیرینەکەی حەوشە ڕەق و تەقەکەی منالێم بەم پیریە چۆن نۆشکەم

دەنکە توویەکی کاڵیش چۆن بکەم،بەمەزەی زەردەخەنەکەم

یەکی تەمووزی ۱۹۵۷ ی سەپێنراویش

لەفەرهەنگی دنیای بێ دادیا چۆن فەرامۆش کەم

دوا هەناسەش بەڕۆژی لەدایک بوون چۆن فەراهەم کەم

❊❊❊❊❊❊

❊کفنی سپی: توورەکەی سپی سەمون فرۆشتن.

❊تاسەرەتای ساڵی هەشتاکانیش ئەو سەمونخانەیە مابوو(سەمونی ئۆتۆماتیکی سیروان).

❊وەزەنی: هەتوانێکە بۆ نەرم کردنی پێست.

پڕم ئەکرد:پەلامارم ئەدا.

❊ئامەی سەمەن: دایکمە.

❊بافلۆف: زانای ڕوسی،خاوەنی(نظریە الانعکاس الشرطي)

۲۰۰۸/۷/۲۰



# عیشقێکی نوێ

سبەی گوڵەکەم.

بەبێ باخەوان،

دێتە باخەکەم..،

لەبەر پێیدا،

فەرشیی سوورە هەناسەکەم،

نیگاو پێشوازی چاوەکانیشم،

دەکەم،

بەمارشی عیشقەکەم

ڕۆحیشم دەکەم..،

بەمۆمێک و ئەی دەمە دەست پەپولەکەم..

تاوەکو ڕۆشنتربێت هەنگاوو ڕێکردنی عیشقە نوێکەم

برژانگەکانیشم دەکەم

بە،دەیەها شمشێری نەرمی چوون باڵی پەروانەکەم

ئەیدەمە دەست شمشێرەوانی دوو برۆکەم

ئەیدەمە دەست ترپەی دڵم

ئەیدەمە دەست هەناسەکەم

تا،ئەو ساتەی،گوڵەکەم

پاش سڵاوی کۆماریی عیشق

لەسەر تەخت،دادەبەزێت و شەرم نەکەم

جگە لەچاوە چوون ترێ ڕەشکەکانی،زیارەتی ڕەزی لێوانیشی کەم

هەموو ١٤ ی ڕێبەندانێکیش پیرۆزبایی،لەسەرجەم عەشقانی عەشق بکەم...،

***

٢٠٠٩/٢/١٢



# بۆنی هەناسەکانتم هەر لاماوە

(١)

دوور،لەئێستا،

گوڵە بەلقیسی باخچەی عەرشم بوویت..

بەیانیان،

دوای هەڵگڵۆفینی چاوەکانت،

پەپولەی ڕۆحم بەیانی باشی لێ ئەکردیت.

(٢)

لەقوتابخانەیەکدام..،

ئەو بەیانیەی،مامۆستای سروود،

مارشی عیشقم پێ دەخوێنێ،

مامۆستای وانەی عیشق..!

زمانی دەکات بەتیغ و..،

دژی فرە ژنی دەئاخڤێ..!

لێ،بەڵێ

لەبن ساباتی داکۆکی کردنیشەوە،

بۆ فرە پیاوی دەگەڕێ.

(٣)

لەپۆلێکدام،

ئەو کتێبەی،

لاپەڕەکانی،

لەپەڕەی هەناسەیەو لەدیدی پەپولەوە ئەیخوێنمەوە..،

لەوانەی ئایندەدا..

ئەیشارنەوە..!

ئەو دەمەی مامۆستاش لەوانە ووتنەوە ئەبێتەوە،

سەقفی پۆلەکەم لێ ئەبێت بەئاسمان،

دەروونم ئەبێت بەهەورە تریسکە،

تەختە ڕەشەکەش..

ئەبێت بەتەختەی سپی..!

لەوانەی ئایندەدا..،

ڕەشێنەی چاوەکانی مامۆستا..!

ئەکەم بەتەباشیر،

لەسەر تەختە سپیێکە ئەنووسم..!

+پەشیمانم،

ئەو دەمانەی..،

شیعرم بۆ ئەنوسییت ،

پەشیمانیشم،

ئەو دەمانەی،

ڕۆحمم کردبوو،بەمەشخەڵی سەر لەپی دەستەکانت،



چونکە..،

ئیرادەم نەهەنگێک بوو..!(

لەوشکایی عیشقا داد پەوەر بوو..)

(٤)

هەرچی هەوری گەردوون هەیە،

لەسەر ووشکایی هەق بێژیدا ڕیزیان ئەکەم..

پەڵە،بەپەڵە،

لێیان ئەپرسم،

کامتان،تا،ئێستا؟

لێوەکانی،

لێوی نمە بارانێکی تەڕ نەکردوە؟

با،لەگۆڕەپانی ئەم عیشقەدا!

بێتە دەرێ،ڕاوێژی کەم،

نەبا،جارێکی تر..،

ئاسمان،

لەخشتەی بباو هەڵخخەڵەتێ..!

(٥)

سەرسامم!

یاخی و تووڕەم..

لە،تۆ،

لەخۆم،

لەو دڵۆپە بارانەی،
کەپێی ووتم،بێ خەم بـــــــە..
بەڵێن بێـــــــــــت،
کەهاتمە خوار،
دەستی ووشکم،
هیچ دەستێکی تەڕ نەگوشێت
تـــــــا....،
پێکەوە لەئاسمان،
شوێنێکی متمانەتــــــر،
دەکەین،بەجێ ژوان،
یاخی و تووڕەشم!!
لەو ئەستێرەیەی،
پێش درەوشان،
کەپێی ووتم!
دڵنیـــــــــابـــــە..!
ناهێڵم دڵی هیچ کەس لەتۆ زیاتر،
شانازی بکات بەڕەونەقمەوە،
یاخی و تووڕەشم!
لەو باوەشەی،
کەبوو،بەلانەو،فێرگەی عەشقم!
چونکە..،
جگە،لەشکست و تێکشکان،
هیچ شتێکی تری لا جێ نەهێشتم..



(٦)

نامەکانتم هەر لاماوە..،
دڵنیــــــــــابە،
بۆ،مەرگیشی ناخوێنمەوە..!
بۆنی هەناسەکانیشتم هەر لاماوە..،
دڵنیــــــــــابە..!
بەبۆنی هیچ گوڵێکی ناگۆڕمەوە
لێ، پەشیمانم..،
لەو نامانەی کە بۆم نوسیت و
نیشانی خۆمم نەیــــــــــا،
چونـــــــــــــکە..،
وام ئەزانی،
تەنها بەمنت ووتـــــــــووە..
لەژیانـــــــــا،
تەنها،دووشت،بەزۆر نیە
یەکەم،هاوڕێیەتی!
دووهەمیش،خۆشەویستی!

(٧)

ڕۆژانێک..،
تۆینوێتیت بەلێوەکانم ئەشکا،
ئێستاش بەخوێنم..!

(٨)

نمەكم كردويت..!

نمەكی،

(خویٚ)و(نان) و(ئاو)..نــــــــــا..

نمەكیشت كردوم..!

نمەكی،

(خوٚیٚ)و(نان)و(ئــــــــاو)...نــــــــــا..

لەسەر ئەو سفرەیەش..!

هەناسە نەما..!

ئاڵای سوور..!

بەعاشقان هەڵنەكا..!

***

٢٠٠٩/٣/٢١



# مەرگت غەریبتری كردم

بۆ جاویدانی سەلاح محەمەدی هاوڕێم

كێ،دەستەكانم،لەئەژنۆكانم ئەكاتەوە..؟

كێ،سەرم لەناو كۆشما بەبینایبیم ئەبەخشێتەوە..؟

كێ،ئەم فرمێسكە تازانەم لەنزیك مەزارەكەت ئەكات بەڕووبار..؟

بۆ ئاودانی،شیعرە شۆڕەبیەكی پرچ شۆڕی تازە هەڵچووی چاو بەخومار ..!

ئاخ سەلاح،

ئیتر كێ بەكێ بڵێ ئەلوح و كێ بەكێ بڵێ خاڵۆی من*..؟

مەرگ سەبری نەبوو..،

نەی هێشت بێمەوە لات..

هێندە ووتت سەفەر مەكە دڵم ئەڵێت ناتبینمەوە..

تاسەفەرم كردو مەرگت نەی هێشت جارێكی تر بتبینمەوە..

مەرگت نەیهێشت،

ئەو شیعرە تازەیەی كەنەتئەتوانی بینوسیت لەڕووخسارتا بیخوێنمەوە...

سەلاح،

لەگەڵ هەر تەپاو تلێکی سەر پێخەفە لەئازار هەڵکێشراوەکەت..،

لەدەورت ئەگەڕام و تۆش ئەتووت خوا نەکات،

ئەمووت سەلاح زیاتر غەریبم ئەکەیت

ئەدووت هەمومان غەریبین

لێ بەغەریبی لەدایک نەبووین

من، کێلەکەی ژوور سەرتم

بێدارم و چاو لێک نانێم

لەگەڵ هەر ئاخێکتا

فرمێسکەکانم ئەکەم بەهەتوان و

نێوچەوان و سەر سینگە شەقار شەقارەکەتی پێ ئەشێلم

پاش هێوڕ بوون و ئازار شکێن

سەرم بەسەر شانتا لار ئەکەمەوە

تۆش،وەک جاران شیعرەکەی (مەلا عەلی)یـــــم بۆ بخوێنەوە.

***

٢٠٠٩/٤/٢٩

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پەرۆش | ١ |
| کریسمس و مەرگی نەوڕەسەکان | ٦ |
| فرمێسك و درووود | ٨ |
| پرسیار | ٩ |
| درکاندن | ١١ |
| دیدەنی و ئاکام | ١٤ |
| تابلۆ بێ هاوتاکان | ١٦ |
| فلاش باك | ١٩ |
| ڕەها | ٢٠ |
| غەزەل | ٢٢ |
| سەرگەردان | ٢٤ |
| دڵۆپە وەریوەکانی فرمێسك و باران | ٢٥ |
| بن سێبەری پەڵەی ئاگرێك | ٣٠ |
| عەترت بۆنکڕووزی منە | ٣٤ |
| ئەنفال | ٣٨ |
| ناکاوە شیعر | ٤١ |
| هەناسەلە دۆزەخێکی فێنکا | ٤٤ |
| وێڵم مەکە | ٤٥ |
| قەدەری عیشق | ٤٨ |
| بەلقیس | ٥٢ |





| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هیجرەت | ٥٤ |
| لەجیاتی خوا دڵت لەگەڵ | ٥٧ |
| بەییوونەوان | ٦١ |
| دوایین شیعر | ٦٣ |
| دوا هەناسە شپرزەکانی ٢٠٠٧ | ٦٩ |
| توخنی ئازارەکانم مەکەوە | ٧٧ |
| وەرچەرخان | ٨١ |
| عیشقێکی نوێ | ٩٠ |
| بۆنی هەناسەکانتم هەر لاماوە | ٩٢ |
| مەرگت غەریبتری کردم | ٩٨ |